بێجگە لە گوتەی یادنامە، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێک بلاوبکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بلاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە، ئامانجمان تەنها نوسینەوەی ڕووی ڕاستی و یادەوەری جەنگاوەرە دێرینەکانمانە....

# یـادنـامـه

YADNAMA

سەرکەوت محەمەد فەتاح(جیهاز)

سەرپەرشتی بلاوکردنەوەی دەکات

Amsterdam

Holland

بلاوکراوەیەکی گشتییە یاداشت و یادەوەری دێرین دەگێڕێتەوە

ژمارە 11 — 04 Januari 2020 — 04 ی کانوونی دووەمی 2020


# تورکیا کار بۆ پاکتاوی رەگەزیی‌و شوێنـــگۆڕکـــێ بەخەڵکی باکوری سوریاو جەرابلوس‌و عەفرین دەکات

## دەزگای شەهیدانی عێراق ئاشکرایکرد، لە ساڵی 2019 دا تاکێ ساڵ 18 گۆڕی بە کۆمەڵ لە ناوچە جـــیاجیاکانی عێراقـــدا دۆزراونەتەوە..



دەزگای شەهیدانی عێراق ئاشکرایکرد، لە ئەمساڵدا تاکو ئێستا ١٨ گۆڕی بە کۆمەڵ لە ناوچە جیاجیاکانی عێراقدا دۆزراونەتەوە.. زەکەریا کەریم بەرێوەبەری ئیدارەی بەشی گۆڕەبەکۆمەڵەکان لە دەزگای شەهیدانی عێراق بە ئاژانسی نێودەوڵەتی فەرمی عێراقی ڕاگەیاند، ١٨ گۆڕی بە کۆمەڵ لەمساڵدا لە پارێزگاکانی عێراق دۆزراونەتەوە.

ئاماژەی بەوەش کرد گۆرە بەکۆمەڵەکان، لە لایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە ئەنجامدراون و تیمەکان بەردەوامن، لە گەڕان بەدوای دۆزینەوەی گۆڕی بە کۆمەڵی دیکەدا..

---

ساڵی نوێی 2020 لە هەموو کوردانی تاراوگەنشین پیرۆزبێت و هیوادارم ئەمساڵ بە تەواوی میللی بەختەوەری و ئاسوودەیی ڕوو لە تێکرای کوردانی هەموو بەشەکانی کوردستان بکات و چیدیکە نەبینە پێخۆری شاڵاوی لەشکرە داگیرکەرەکانی کوردستان

لە پارەوە بە هاوکاری کاک سەرکەوت محەمەد فەتاح تا ئێشتا توانیمان 11 ژمارەی یادەوەری بلاوبکەینەوە، لەم ژمارەیەوە بەندە لەبەر ئیشوکاری تایبەتی خۆم و ئەرکی زۆری (تاراوگە)، ناتوانم ئیتر بەردەوام بم، دوای لێبووردنتان لێدەکەم،بلاوکراوەی (یادنامە)، لەمەودوا کاک سەرکەوت خۆی هەموو کارەکان هەڵدەسورێنێت.

سەپان حەسەن




وەزیری دەرەوەی سوریا ڕایدەگەیەنێت کە تورکیا کار بۆ پاکتاوی رەگەزیی‌و شوێنگۆڕکێ بەخەڵکی باکوری سوریاو جەرابلوس‌و عەفرین دەکات. جەختلەوەش دەکاتەوە کە ئەنقەرە پابەندی ڕێککەوتنەکان نەبووە. ئاوێنە: لەچاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کەناڵی (روسیا الیوم) وەلید موعەلیم، وەزیری دەرەوەی سوریا ڕایگەیاند، ئەوەی لەواقیعدا دەگوزەرێت بەتایبەتی لەعەفرین‌و جەرابلوس‌و ناوچەکانی دیکەی باکوری سوریا، لەگۆڕینی دیموگرافیاو گۆڕینی ناوی شەقام‌و ناوچەکان‌و پرۆگرامی قوتابخانەکان ئەوە دەردەخات کە ئەوەی تورکیا بانگەشەی بۆ دەکات، گوایە بەکاتی لەناوچەکەیە ڕاست نییە. وتیشی، تورکیا پابەندییەکانی خۆی جێبەجێنەکردووەو هێزەکانی نەکشاندووەتەوە، وەک ئەوەی لەنێوان روسیاو تورکیا ڕێککەوتنی لەسەر کراوە. ئەوەشی وتووە، "ئەگەر ئێمە هەندێک سازشمان بکردایە، ئەو هەموو ساڵە قەیرانی سوریا بەو جۆرە نەدەمایەوە. گەلی سوریا زۆری چەشتوو ئارامی گرت، ئەم قۆناغەش تێدەپەڕێنین."

# سلێمانی .... پایتەختی رۆشنبیریی کورد.. بەشی دووەم



**ئامادەکردنی: تۆفیق سەعید محەمەد**

دوای نسکۆی ساڵی 1975 شۆڕشی نوێ لەساڵی 1976 دا هەر لەمشارەوە کڵپە و بڵێسەی سەند و شەهیدانیشی پڕن لە نووسەران و هونەرمەندانی ئەم شارە لەگەڵ فشاری زۆری دوژمنیشدا چەندین کۆڕو کۆبوونەوەو سیمیناری رۆشنبیری لەم شارەدا بووە، لە حەفتاکان و هەشتاکاندا لەگەڵ تۆقاندنی خەڵکی لەسەر دەستی رژێمی لەناوچوو. لە سەرەتای هەشتاکاندا کە رژێم لەوپەڕی زەبرو زەنگدا بوو "یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان" لە شاری سلێمانی لەدایکبوو. راپەرینە مەزنەکەی گەلەکەمان لەمشارەوە کڵپەی سەندو گەورەترین قەڵای ستەم کە ئەمنەسوورەکە بوو، بەسەر دوژمندا شێوێنرا و ئێستا بۆتە مەڵبەندێکی رۆشنبیری. هەر لە هەمان ساڵدا واتە1991 یەکەمین کۆمەڵەو رێکخراو بە ناوی "کۆمەڵەی کەلەپوورو فۆلکلۆری کورد" لەمشارەدا کەوتە جموجۆڵی کەلەپووریی. لە رووی ئاینیەوەو بۆ زیاتر لە نیو سەدە گەورەپیاوانی وەک (شێخ مارفی نۆدێ) و (مەولانا – خالیدی نەقشبەندی) و (کاک ئەحمەدی شێخ) و (سەید ئەحمەدی نەقیب) سەریانهەڵداوە جگە لە دەیانی تریش. کە لە شاعیران نالی و سالم و کوردی و مەحوی لەمشارەدا چاویان بە دنیا هەڵهێناوەو دیدەی خوێنەرانیشیان بە هۆنراوە ئاینیو نیشتمانیو سۆزداریەکانیان گەشکردووە. پاشانیش بێخود و پیرەمێرد و رووناکبیرانی وەک جەمال عیرفان و ئەوانیتر و شاعیران گۆران و حەمە صاڵح دیلان و هەردی ....تاد، قوتابخانەی کەشتی نوحی (مامۆستا نەجمەدین مەلا) رۆڵی بەرچاویان بووە لە رۆشنگەری هزری رۆڵەکانیانداو بڵێسەو تینی کوردایەتیبوون. بزووتنەوەی رووانگە لە شیعری کوردیدا هەر لەمشارە سەریهەڵدا کە لە ناوە دیارەکانیشیان کەڵە شاعیری گەورەی گەلەکەمان خاوەن خەڵاتی جیهانی شێرکۆ بێکەس (گیانی شادبێ) لەگەڵ دەستە هاوڕێکانیدا، خۆ گەر لەم بوارانەدا شۆربینەوە ئەوا هەر ئەوانە دەبنە بابەتێکی چڕوپڕ، بەڵام ئەم مشتە لە خەروارێکی بە بەرەکەت ئەیسەلمێنن سلێمانی مافی ڕەوای خۆیەتی و کاڵا بەپێی باڵا هەنگاوی بەرچاوی بۆ بنرێت بۆ بوونە پایتەختی رۆشنیری هەرێمی کوردستان، ئەمانەی ووتمان شارچێتیو دەڤەرچێتی نیە نموونەش لە وڵاتانی دوورو نزیکدا زۆرن: ئەوەتا لە کۆریای باشوور و سوید هەندێک لە وەزارەتەکان لە پایتەختدا نین بەڵکو لە شارەکانی تردان بەپێی تایبەتمەندی ئەو شارە بەو وەزارەتانەو بە هۆی تەکنۆلۆژیای سەردەمەوە کە جیهانی کردۆتە گوندێکی گچکەو ئەمسەرو ئەوسەری دیارەو ئاگایان لە یەکەو دیارە هەر لەو رێیەوە لێکگەیشتن و پێکگەیشتن ئاسانەو هەر لە رێی تەکنۆلۆژیاوە شارەکان لەگەڵ پایتەختدا کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران ساز دەدەن. جا گەر چەند وەزارەتێک لە سلێمانی بن وەک: وەزارەتی رۆشنبیریی، وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکراوان، وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوە زانستیەکان نابێتە کێشە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و شارەکەش لە زۆر رووەوە گەشە دەکات و هیچ لە پایتەختبوونی هەولێر بە پایتەختبوونی سیاسي و ئیداری کەمناکاتەوەو پێشمان باشە با دهۆکی دەلالیش بکرێتە پایتەختی گەشتیاري و وەزارەتی شارەواني و گەشتوگوزار و ئاوەدانکردنەوە با لەوێ بن. حکومەتانی وڵاتان بە چاوێکی یەکسان دەڕواننە شارەکان، ئەوەتا ئەمریکا برەوی زۆری زۆری بە نیویورک داوە بەڵام پایتەخت واشنتۆنە، لە هیندستان جگە لە پایتەخت برەو بە شارەکانی تر دراوە بۆ نموونە بۆمبای، لە تورکیا ئەنکەرە پایتەختە بەڵام ناو هەر ناوی ئەستانبووڵەو سەنگو قورسایی خۆیان هەیەو لە لایەن دەسەڵاتەوە بایەخیان پێدەدرێت و لە باڵای پایتەخت نەوی ناکا، لە وڵاتی ئەڵمانیا سەردەمان کە یەکەمین زانکۆ لە شاری (لایبزیج) دامەزرا بۆ رێزی ئەو شارە کرایە پایتەختی رۆشنبیری و هیچی لە سەنگو قورسایی (بەرلین) کەمنەکردەوەو رێز لەو بۆنەیە گیرا، هەر لە کۆریای باشوور ساڵانە شارێک هەڵدەبژێرێت بۆ فیستیڤاڵ و چالاکی جیاجیا: لە ماوەی تەنها (9) ساڵدا (37) ڤیستیڤاڵیان تیا ئەنجامداوە کە پتر لە(835) ملیار دولار کاریگەریی ئابووری هەبووە، بە پێچەوانەی لای ئێمە کە بە دەگمەن چالاکی هونەریو رۆشنبیری لە دەرەوەی پایتەخت ئەنجامدەدریت. ئەوروپاییەکان لەساڵی 1985 دا بڕیاریاندا شاری "ئەسینا" ی پایتەختی یۆنان بکەنە (پایتەختی کلتوری ئەوروپا) وڵاتە ئیسلامیەکان شاری (نەجەف) ی عێراقیان دیاریکرد بیکەنە (پایتەختی کلتووری ئیسلامی) عێراقیش لە رێی خۆیەوە بڕی (491 ملیون دۆلار) ی بۆ تەرخانکرد تا ئەو مەبەستە بێننە دی. ئەمریکا لە دوای هەردوو جەنگە جیهانیەکاندا، بیرمەندە ناوازەکانیان راکێشاوەتە لای خۆیان و کەڵکیان لێوەرگرتوون، بۆیە ئەوها دەبینین لە گشت روویەکەوە لە ئاستی باڵادان، دەی با ئێمەش با بیر لە بیرمەندە ناوازەکانی کوردستانی گەورە وەرگرین و هاوردەی باشووری کوردستانیان بکەین تا لە بیرمەندیان ئەم نەوەیەو نەوەی داهاتوو سوود وەرگرن. نموونە زۆرن بەڵام هێندە ڕەنگە جێی خۆیبگرێت. (حاکم قادر) لە سەردەمێ کە سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی بوو بە نووسراوێکی تایبەت لە رۆژی 2007/2/4دا کە ئاراستەی وەزیری رۆشنبیری حوکمەتی هەرێمی کوردستانی کردووەو داوایکرد بە فەرمی شاری سلێمانی بە (پایتەختی کلتوورو رووناکبیری کوردستان) بناسرێت و چەند شتێکی مێژوویشی تیا روونکردۆتەوە.

بڕوانە لاپەڕە 3

# ئەورووپاییەکان لەساڵی 1985 دا بڕیاریاندا شاری "ئەسینا" ی پایتەختی یۆنان بکەنە (پایتەختی کلتوری ئەورووپا) وڵاتە ئیسلامیەکان شاری (نەجەف) ی عێراقیان دیاریکرد

بۆیە کاک (فەلەکەدین کاکەیی) گیانی شادبێت لە کابینەی پێنجەمی حوکمەتی هەرێمی کوردستاندا کە وەزیری رۆشنبیری بوو راشکاوانە پێشنیاریکرد کە شاری سلێمانی ببێتە پایتەختی رۆشنبیری هەرێم، ئەم بەرێزە هەرچەند خەڵکی ئەم شارە نەبوو بەڵام کوردستانییانە بیری دەکردەوە. بەرێز سەرۆکی حوکمەتی هەرێمی کوردستان لە2013/5/30دا بڕیاریداو گوتی: من ئامادەم بری (50 – 60 ملیۆن دولار) دابینکەم لەسەر بووجەی تایبەت بۆ پرۆژەی بە پایتەختی رۆشنبیری کردنی شاری سلێمانی و هەر لەو کۆبوونەوەیەشدا لە رێگەی (سینەما ڤیشن) تەلاری رۆشنبیری نیشاندرا کە بڕیار وایە لە دەروازەی شارداو لەسەر رووبەرێکی فراوان دروستکبرێت. بەرێوبەری رۆشنبیری و هونەری پێشوو لە سلێمانی ((کاک محمد فتاح)) لە پاشکۆی رۆژنامەی کوردستانی نوێ (دارولمولک) کە لە مانگی ٢ی/ 2013دا ئەو دیدارە ساز دراوە دەڵێت: ((ساڵی ئاینده کۆمەڵگەیەکی سینەمایی لە سلێمانی دروستدەکرێت)). هەر ئەم بەرێزە لە رۆژی سلێمانیدا 2013/11/14 لە برگەیەکی وتەکەیدا گوتی: ((حوکمەتی هەرێمی کوردستان بری بیست ملیار دیناری بۆ مەبەستی بەپایەختی رۆشنبیریی سلێمانی تەرخانکردووە)). بۆیەو لەبەر رۆشنایی ئەو برە پێشەکییەی کە خستمانەڕوو چەندین خەمخۆر و کەسایەتي و رۆشنبیرانی ئەم شارە کە بریتی بوون لە (55 کەس) لە رۆژی 2012/7/18دا سەبارەت بە

پایتەختی رۆشنبیریی سلێمانی یەکەم کۆبوونەوەیان سازدا بە هیمەتی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان لقی سلێمانی لە بارەگاکەیاندا روونکردنەوەو بریارگەلێک دراو بریاریش درا چەندین کۆڕو کۆبوونەوەی تری بەدوادا بێت و بریاری سەردانی لایەنەکانیش کرا لەو سەردانانە کە بۆ ئەم شوێنانە کرا بۆ روونکردنەوەی مەبەستی ئەو بەرێزانە لە بارەی بەپایەختبوونی رۆشنبیری سلێمانی، سەرجەمی لایەنەکان هەڵوێستی پۆزەتیڤانەیان هەبوو خۆشحاڵیش بوون بەو چالاکییانەو پێیان باشبوو سلێمانی ببێتە پایتەختی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان لەو لایەنانە:

1– مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.
2– مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان
٣– مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان.
4– مەکتەبی سیاسی حیزبی ئایندەی کوردستان.
5– مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان.
6– بزووتنەوەی گۆڕان.
7– مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی کوردستان.
8– پەرلەمانی کوردستان لە هەولێر.
9– نووسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان.
10– جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە سلێمانی.

لە رۆژی 2012/12/3دا پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنەکەیاندا بە کۆی دەنگی گشت فراکسیۆنەکان شاری سلێمانیان دیاریکرد بە پایتەختی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان و پەسەندکرا. ئێمەش دەستخۆشیتان لێدەکەین و دەمانەوێت لەسەر کاغەزەوەو بە دروستی ببێتە کردار و بە ماندوونەناسانە کاری بۆ بکرێت. هەر بۆیەشە ئەم پێشنیارانە دەخەینە بەرچاوی بەرپرسانی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە:

١– بوودجەیەکی ساڵانە بۆ پایتەختی رۆشنبیری دابینبکرێت جگە لە بوودجەی شاری سلێمانی بۆ بوارەکانی تر.

٢– لە شەقامە سەرەکیەکانی هاتنە ناوەوەی شاری سلێمانیدا "پانۆرامای پایتەختی رۆشنبیری" ئەنجامبدرێت بە هاوکاریی رۆشنبیران لە مێژووناسانو شوێنەوارناسانو هونەرمەندانو ئەو پانۆرامەیەش لە بابەتێک دروست نەکرێت کەشوهەوای ساردوگەرم کاریگەری لەسەربێت بەڵکو چاکترین بابەت پێشنیار دەکەین کە "برۆنز" بێت.

٣– گواستنەوەی وەزارەتەکانی رۆشنبیري و وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان و وەزارەتی خویندنی باڵا و توێژینەوە زانستیەکان بۆ پایتەختی رۆشنبیری.

4– بارەگای مەڵبەندی گشتی یەکێتی نووسەرانی کوردو یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان و رێکخراوو کۆمەڵەرۆشنبیري و هونەرییەکان بۆ پایتەختی رۆشنبیری سلێمانی بگوێزرێنەوە.

٥– سلێمانی گەرەکەچەندین هۆڵی شانۆو شێوەکارو موزیکی بۆ بنیاتبنرێت چونکەئەم هۆڵانەی هەن کەمن و بوارەکەتێر ناکەن.

6– پرۆژەی شاری رۆشنبیری و کۆمەڵگەی سینەمایی بەزوویی لەسلێمانی هەنگاوی بۆ بنرێت.

7– برەودانو بایەخدان بەمۆزەخانەی نیشتیمانیو ئەتنۆگرافی سلێمانی.

8– هاوردەکردنی چاپخانەو دەزگای پەخش و بڵاوکردنەوە.

9– لە بنەماکانی بەپایەختبوونی رۆشنبیری پاریزگارییەلە کەلەپوورو شوێنەوارو گەرەکە کۆنەکان و حەمامەکۆنەکان تا بوترێت ئەمانەهێمای 233 ساڵەی تەمەنی سلێمانییەنەک رماندنو دروستکردنی تەلاری مۆدیرنی شووشەبەند.

10– نەشێواندنی کارگەی جگەرەی سلێماني و کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار و

بروانە لایەرە 13

# ئەو کەسەی بۆ یەکەم جار شۆڕشی چەکداری لە دژی تورکیا دەسپێکرد و خەونی کەمالیسمی لە گۆڕنـــا

فەهمی کۆرکماز برای ماهسوم کۆرکماز ناسراو بە عەگید دەڵێ : ئەو کەسەی بۆ یەکەم جار شۆڕشی چەکداری لە دژی تورکیا دەسپێکرد و خەونی کەمالیسمی لە گۆر نا.

فەهمی برای بچووکی عەگید: بەر لەوەی کاکم پەکەکە بوو , من لە تەمەنی ١٣ساڵاندا دەستگیر کرام، دەوڵەتی تورکیا لەو تەمەنەدا بەهەموو شێووازێک ئەشکەنجەیان دام، لە سەر کاری ڕێکخستن دەستگیر کرام ساڵی ١٩٨٦ لە چیای گابار و لە ئەنجامی شەڕێکی دژ بە دەوڵەتی تورک دا، عەگید گیانی لەدەستدا بوو , ئەم ڕۆژە من لە زیندان بووم , هەڤالان بە منیان نەوت، ئەوکات ڕۆژنامەکان لە زیندانیشدا بڵاودەبوونەوە و من لە ڕۆژنامەدا خوێندمەوە، کە عەگید گیانی لە دەستداوە، پاسەوانەکانی زیندان بە ئەنقەست ڕۆژنامەکەیان دایە دەستی من، بەڕێوەبەری زیندان هات بۆ لام و پێی گوتم:" ئێمە براکەتمان کوشت".

ئەو ڕۆژە بۆ من تاڵترین ڕۆژ بوو، لە ناو زینداندا لە گریان و خەم زیاتر هیچی ترم لە دەست نەهات.

من بچوکتر بووم لە عەگید، ئەو ١٠ ساڵ لە من گەورەتر بوو، خوشکێکمان بەناوی ماشەڵا لەو گەورەتر بوو، ماشەڵا هەمیشە باسی کاتی منداڵی خۆی و عەگیدی دەگێڕایەوە، کاتێک ماشەڵا و عەگید منداڵ بوون لە خوێندنگای شەوانە دەیانخوێند، باوکمان ماشێنی بارهەڵگری پێ بوو و تووشی ڕووداوێکی هاتوچۆ بوو، عەگید چوو بۆ لای ماشەڵای خوشکم و تورکیان نەدەزانی، لە تورکی تەنها زانیبویان بڵێن ئۆتۆمبیلەکەی باوکم وەرگەڕاوە، کاتێک لای مامۆستای خوێندگاکەی عەگید بەکوردی لە ماشەڵای پرسیوە، خوشکێ وەرگەڕاندن بەتورکی چیە؟ لەسەر ئەو قسەیە مامۆستاکەی زلەیەکی لە عەگید داوە، عەگید لەمە زۆر بەداخ بوو، دەیگوت چونکە خوشکەکەم بە کوردی قسەی لەگەڵ کردووم مامۆستا زلەی لێداوم، لەو ڕۆژەوە هەستی بە زوڵمێک کرد، کە لە گەلی کورد دەکرا، بەردەوامیش دەیگوت من دژ بەو کەسانەی زوڵم دەکەن تێکۆشان دەکەم، بەرامبەر بە پۆلیس و سەرباز و هەموو ئەو کەسانەی کە مافی هەژاران پێشێل دەکەن، شەڕ دەکەم و دەبم بە سەربازی گەلی کورد و کرێکار و هەژاران .



عەگید لە ئێلیح خوێندنگای ناوەندی بەشی نەوتی دەخوێند، مامۆستاکەی لەگەڵی وەکوو هاوڕێ وابوون , کاتێک مامۆستا بە هۆی گۆڕینی شوێنی کارەکەی نەیدەتوانی لە خوێندنگا عەگید ببینێت , دەهات بۆ ماڵی بۆ بینینی , لە هاوڕێکانیدا هەم عەرەب و هەم تورک زۆر بوون , لە خوێندنگا عەگید یارمەتی خەڵکی هەژار و ئەو کەسانەی دەدا کە مافیان پێشێل کرابوو، ئێلح پاڵاوگەی نەوتی لێبوو بۆیە کرێکاری زۆر لە دەرەوەی شار هاتبوون , ماڵی شێخ و ئاغاکان کرێکاریان هەڵدەبژارد , کاتێک کرێکارێک لە لایەن یەک لەو ماڵانەوە وەردەگیرا , دەبوو ببێت بە مرۆڤی ئەوان , عەگید ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر لەگەڵ کرێکارەکان تێکەڵ دەبوو و زیاتریش یارمەتی دەدان , پۆلیس ئەم کارانەی وەکوو مەترسیەک بینی و دەستی لەو پەیوەندیانە وەردا , ئەنجامی هەوڵدانەکانی ئەوکاتی عەگید ئەمە بوو کە لە چینەکانی کۆمەڵگادا جێگای بۆ خۆی کردەوە یەکەمین فیشەکی ١٥ی ئاب بە چەکی عەگید ڕێک لە مێشکی دەوڵەتی فاشیستی تورکیا کەوت و بەو فیشەکە مێژوو لە سەرەتاوە نووسرایەوە.

ماعسووم کۆرکماز یەکەم فەرماندەی پەکەکە، کە بەناوی عەگید ناسراوە , لە ساڵی ١٩٥٦ لە ناوچەی فارقینی سەر بە شاری ئامەد لە دایکبووە، لە ساڵی ١٩٨٦دا لە چیای گابار لەشەڕێکی سەختدا گیانی دەبەخشێتە نیشتیمان و هەرگیز تەرمی پیرۆزی نەدۆزرایەوە و ئەگەری هەیە جەندورمە و میتەکان سوتاندبێتیان بۆ ئەوەی یاد و ناوی ون بێت، بەڵام خەیاڵیان خاو بوو، ئەو نەک هەر ون نەبوو بەڵکو بۆ هەتا هەتایە وەک ئەستێرە دروەشایەوە.

یادی بەرز و پیرۆز بێت..

🌹❤️🌹

بەسوپاسەوە وەرگیراوە

# به گەنجی (قاروون) ی نادەم، چونکە بە دڵ هۆگری تۆ بووم ... سلێمانی



ئەی شارەکەم (سولەیمانیی)!
ئەی شاری ڕۆشنبیری و شۆڕشگێڕیی!
ئەی شاری هەڵمەت و قوربانیی!
ئەی شاری شۆڕش و شەهیدان!

خۆشمەوێی، چونکە: یەکەمین چاپخانە لە باشووری (کوردستان)، لە شاری (سولەیمانیی) دامەزرا. یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیی، لە شاری (سولەیمانیی) دەرچوو. یەکەمین جار لە مێژوودا، لە شاری (سولەیمانیی) خوێندن بە کوردیی دەسپێکرد. یەکەمین جار لە مێژوودا، قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواریی، لە (زانستیی کوردان)ی شاری (سولەیمانیی) بوو. یەکەمین قوتابخانەی سەربازیی (ڕووشدییەی عەسکەریی)، لە شاری (سولەیمانیی) کرایەوە. یەکەمین زانکۆ لە باشووری (کوردستان)، لە شاری (سولەیمانیی) درووستبوو. یەکەمین سروودی کوردیی، لە شاری (سولەیمانیی) گوترا. یەکەمین قەوانی کوردیی، بە دەنگی هونەرمەندێکی گۆانیبێژی دەنخۆشی شاری (سولەیمانیی) تۆمارکرا. یەکەمین جار لە مێژوودا، بزووتنەوەی شانۆگەریی، لە شاری (سولەیمانیی) سەریهەڵدا. یەکەمین شۆڕشی چەکداریی نەتەوەیی، لە شاری (سولەیمانیی) بەرپابوو. یەکەمین ڕاپەڕینی خوێناویی ڕۆژی (6. 9. 1930)، لەبەردەرکی سەرای شاری (سولەیمانیی) ڕوویدا. یەکەمین دەسەڵاتی کوردیی، لە شاری (سولەیمانیی) دامەزرا. یەکەمین پایەتەختی باشووری (کوردستان)، شاری (سولەیمانیی) بوو. یەکەمین پاشای (کوردستان)، ڕەوانشاد (شێخ مەحموودی حەفید)، لە شاری (سولەیمانیی) فەرمانڕەواییکرد. یەکەمین ڕێکخراوی دیمۆکراسیی، پارتی ڕامیاریی ئاشکرا و نهێنیی، لە شاری (سولەیمانیی) دامەزران. یەکەمین و یەکەمین و گەلێ یەکەمینی دیکەش، هەر لە شاری (سولەیمانیی) بوون.

بۆیە دەڵێم:

(سولەیمانیی)، ئەی دڵی زیندووی (کوردستان)ەکەم! هەموو ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد، چاویان لە تۆیە، نائومێدیان نەکەی، وەک سەرکردەی پارتەکان نائومێدیانکردوون!

(سولەیمانیی)، ئەوڕۆ (235) ساڵ (1784– 2019)، بەسەر دامەزراندنی تۆی پارچەیە لە دڵ و گیانی شیرینمدا تێپەڕدەبێ. لەبەرئەوە ڕۆژی (14. 11)ی هەموو ساڵێ، بە جێژنی لەدایکبوونی خۆمی دەزانم، چونکە ئێمە پێکەوە لەدایکبووین، ڕۆڵەی یەک دایکی بەسۆز، بە ئەمەک و بەشمەینەتی (کوردستان)ین، جێژنی لەدایکبوونمان پیرۆزبێ!

(سولەیمانیی)، لە ئەم یادە پیرۆزەدا، یەکبەیەک هەموو خڕەبەردێکی نێوکۆڵانەکانت ماچدەکەم. هەموو گەردیلەیەکی خۆڵە پیرۆزەکەی، سەرمەزارگەی پیاوچاکان و نیشتمانپەروەرانت دەلێسمەوە. تاجەگوڵینەی خۆشەویستیی و ئەمەکداریی، لەسەر گۆڕی سەربازە گومناوەکانت دادەنێم. چەپکێ گوڵی خوێناویی ڕازاوەی ڕەنگاوڕەنگ، بۆنخۆشتر لە هەڵاڵە، بەیبوون و ڕیحانەی کێویی، لە باخەکەی سەرا دەچنم و لە دامێنی ئارامگەکەی (شێخ مەحموود)ی نەمری دەدەم. ئەو شێخەی ڕەنگوڕووی بیری ئازادیی و سەربەخۆیی، لە باشووری نیشتمانەکەمدا ڕشت، بەردی بناغەی یەکەمین دەسەڵاتی کوردیی دانا و ئاڵای ڕەنگینی لەخوێنهەڵکێشراوی (کوردستان)ی هەڵکرد! (سولەیمانیی)، مشتێ تۆوی چەندین گوڵی جوانی ڕەنگین و ڕیحانەڕەشەی بۆنخۆش، لەسەر مەزارە پیرۆزەکەی یەکەمین خەمخواری نیشتمان و کوردپەروەر، فەیلەسووف و نووسەر، شای هۆنەران و ڕۆژنامەنووسی کورد (پیرەمێرد) دەچێنم. ئەو (پیرەمێرد)ەی، وازی لە ژیانی ئاوارەیی و دووروەڵاتیی هێنا، بۆ نیشتمانە بندەسە کاولبووەکەی خۆی گەڕایەوە، شەو و ڕۆژی پێکەوە دادروو، تا لە ژیاندا بوو، لە قەڵەندەرخانەکەی خۆی، ڕاژەی زمان و وێژە، کورد و (کوردستان)ی کرد! (سولەیمانیی)، سەری ڕێز و نەوازش، بۆ (عەولەسیسی بوێر، هەڵۆ بەگی کوردپەروەر، ئەختەری ژنەشۆڕشگێڕ و هەزاران قۆچی قوربانیی دیکەی ڕێی ڕزگاریی و سەربەخۆیی کورد و (کوردستان) دادەنەوێنم!

(سولەیمانیی)، ئەی ئەو شارەی، بە پایەتەختی لەدایکبووی، لە کانگەی قووڵایی دڵ و هەستێکی خاوێنی کوردپەروەرانەوە، خۆشمەوێی. لای من لە هەموو شارێکی دیکەی ئەم جیهانە جوانتری، لە هەموو شارێکی دیکەی ئەم جیهانەش، پتر خۆشمەوێی. (خۆڵ و خاشاکی کۆڵانەکانت، بە گەنجی (قاروون) ی نادەم. چونکە بە دڵ هۆگری تۆ بووم و بێ تۆ ناژیم). هەر وەک (جەمال ئاغا)ش گوتوویەتی:

بەهەشتی زاتی پاکی خوا، بەناوبانگە لەبەر جوانیی
کوتومت ڕەنگی ڕێژراوە، لەسەر شێوەی (سولەیمانیی).

14 .11 .2019

## یادی 42 ساڵەی کۆچی دوایی فیلمساز و ئەکتەری کۆمیدی ئەمریکی چارلی چاپلن



چاپلن لە ١٦/٤/١٨٨٩ لەدایک بووە و لە ٢٥/١٢/١٩٧٧ کۆچی دوایی کردووە، توانیویەتی لە ماوەی ئەکتەرییدا و لە سەردەمی فیلمی بێدەنگدا، ببێتە ئایکۆنێکی جیهانی. بە دەگمەن هەیە کەسێک ناوی چاپلنی نەبیستبێت یاخود ئاگاداری کارەکانی نەبووبێت.

# له گەنجینەی دێرزەمانەوە...کامیان باشترە پیرۆزی یان شانس...؟




دەگێڕنەوە پاشایەک لەشەوێکی درەنگدا پاسەوانێکی تایبەتی خۆیی نارد بەشوێن یەکێک لەڕاوێژکارەکانیدا ... کاتێک ڕاوێژ کارەکە هات، کە پاشایی بینی هیلاکی پێوەدیارە، ترس و دڵەڕاوکێ توش بوو بەڕێزەوە هاتەپێش پاشا گوتی : گوێبگرە من لەناو ئەم هەموو ڕاوێژ کارانەدا تۆم هەڵبژارد، چونکە دەزانم کەسێکی عاقڵیت و لەوانەیە لەوانی تر زیرەکتر بیت، ڕاوێژکارەکە بەسەر نزم کردنەوەوە گوتی هەزار جار سوپاس گەورەم ان شاءاللە هەر وەک ئەو شێوە دەبم، کە بەڕێزتان گومانی پێ دەبەن پاشا چووەسەر کورسیەکەی و دانیشت و گوتی: دەزانی من ئەم شەو پرسیارێک خەوی زڕاندووم دەمەوێت وەڵامێکم دەست کەوێت، کەهیج گومانێکم بۆ نەهێڵێتەوە ڕاوێژکار گوتی: پرسیارەکەت بکە گەورەم پشتیوان بەخودا وەڵامێکی دروستت دەدەمەوە پاشا دەڵێت :پێم بڵێ کامیان باشترە پیرۆزی یان شانس ڕاوێژکارەکە بەبێ هیچ بیرکردنەوەیەک گوتی : گەورەم پیرۆزی باشترە پاشا گوتی : ئەمشەو بڕۆ بەیانی یان تۆ بە نمونەیەک بۆم بسەلمێنە، کە پیرۆزی باشترە یان من بۆت دەسەلمێنم کە شانس باشترە ڕاوێژکارەکە ڕازی بوو .... بەیانی پێکەوە چونە بازاڕ پاشا وردبۆوە حەماڵێکی هەژاری بینی بە دەست و پێوەندەکانی گوت: ئەوپیاوەم بۆ بێنن بۆ کۆشک ..ڕاوێژکارەکە گوتی : گەورەم ئەو پیاوەت بۆ چیە ؟؟؟ پاشا گوتی :دواتر دەیبینی لەئێوارەدا پاشا فەرمانی کرد کابرای حەماڵ تێر نان بکەن و جوانترین پۆشاکی لەبەر بکەن و بیهێننە ناو مەجلیسی وەزیرەکانەوە کاتێک وایان کرد و کابرای حەماڵ لەتەنها ڕۆژێکدا بووە وەزیر ڕاوێژکارەکە تووشی شۆک بوو، پاشا ڕووی کردە ڕاوێژکارەکە لێی پرسی ئێستە پێم بڵێ شانس باشترە یان پیرۆزی ڕاوێژ کارەکە گوتی: گەورەم مۆڵەتم بەرێ بامنیش بیسەلمێنم کە بڕیارەکەی منیش ڕاستە ...ڕاوێژ کارەکە بەیانی زوو چووەناو بازاڕ وردبۆوە و دەگەڕا هەتا گوێدرێژێکی لاوازی بەرچاو کەوت لێی نزیک بۆوە دەستی بەهێواشی دەهێنا بەسەر ناوچاوی و پشتی گوێدرێژەکەدا، خەڵکەکەش هەموو سەیریان دەکرد، هەتا خەڵکێکی زۆر لێی کۆبوونەوە ڕاوێژکارەکە بەدەنگێکی بەرز گوتی: ئەی خەڵکینە ئێوە دەزانن، کە ئەم گوێدرێژە یەکێک لە نێردراوەکانی خودای لەسەر پشتی هەڵگرتووە ...ئەو نیشانانەی کە لەکتێبی فلانی کوڕی فلان، کە وەری گرتووە لە فلانەوە هەموو لەم گوێدرێژەدا هەیە بەپێی ئەو وەسفانە بێت ئەم گوێدرێژە لە ئەهلی بەهەشتە.....

چەند ساتێکی کەمی پێچوو هەرچی شتی جوانە کرا بەگوێدرێژەکەوە گوێچکەیان سمی گوڵ و گوڵزاریان کردەملی، خەڵکی هەموو پیرۆزیان دەکردیەکێک دەستی دەشۆرد یەکێک قاچی دەشۆرد یەکێکی تر مووی لێدەکاتەوە بۆئەوەی گرێی بەختی بکرێتەوە ..یەکێکی تر میزەکەی دەخواتەوە هەتا منداڵی ببێت ئنجا خانویەکی پاکیان بۆ حازرکرد خزمەتکارێکیشیان بۆ دانا گوێدرێژ وایلێهات لەهەرشوێنێک خواردنی بخواردایە کەس نەبوو ناڕازی بێت بگرە بە پیرۆز دەزانرا و بچوایە هەر دوکان و شوێنێک خەڵکی بەمایەی خێرهاتن لەو ڕۆژەدا دەیانبینی ...

لەکۆتاییدا ڕاوێژکارەکە گەڕایەوە لای پادشا پێی گوت: ئێستە کامیان باشە ؟؟؟ پادشا تەنها سەرێکی لەقاند و هیچی نەگوت ڕاوێژکارەکە گوتی : گەورەم دەزانی جیاوازی لەنێوان پیرۆزی و شانس چیە؟؟؟ پادشا گوتی تۆ پێم بڵێ جیاوازیان چیە؟ ڕاوێژکارەکە گوتی : گەورەم تۆ پۆشاکی پایەبەرزیت کردە بەری حەماڵەکە پارەو دەسەڵاتیشت دایە، بەڵام هەرکات بتەوێت دەتوانیت لێی بسەنیتەوە بەڵام من پۆشاکی پیرۆزیم کردە بەری گوێدرێژەکە هیچ کەس ناتوانێت لێی بسەنێت تەنانەت لەدوای تۆپینیشی ئاااایی چەند نمونەی وامان هەیە کە پۆشاکی پیرۆزییان لەبەر کراوە، بەئارەزووی خۆی دەخوات و دڵخۆش دەبێت بەسەر نەزانینی ئێمەوە.

وەرگیراوە بەسوپاسەوە

## مرۆڤ پێویستە سەردانی سێ شوێن بکات:

## ١- بەندیخانە :بۆ ئەوەی لە...تامی ئازادی بگات و بزانێت ئازادی چەند گەورەیە...؟

## ٢- نەخۆشخانە: تابزانێت تەندروستی باش چەند گرنگە..؟

## ٣- گۆڕستان: بۆئەوەی بزانێت ژیان سەفەرێکی کورتە و پێویست ناکات مرۆڤ خۆی بەزوڵم و ستەم خەریک بکات..!

# بەڵگەنامەیەکی مێژوویی مەترسیدار دژی مەســـــــەلەی کورد لە سوریا و تورکیا و عێراقدا.. نووسینی: نەوزادی موهەندیس



ڕێکەوتنامەی (ئەدەنە)ی ساڵی 1998 و هەڵوێستی تورکیا و سوریا لە بەرامبەر کورد و پەکەکەدا.

پێشەکیەکی مێژوویی:

دیاریکردنی سنوری نێوان تورکیا و سوریا لە میانەی ئەو هۆکارانەی کە جەنگی جیهانی یەکەم دروستیکردن پێویستی بە ڕێکەوتنێکی تورکی-فەڕەنسی دەکرد بەهۆی ئەوەی فەڕەنسا وڵاتی ئینتیداب بوو بەسەر سوریادا لەو کاتەدا. بوە هۆی لەدەستدانی لەسەرخۆی خاکی پشتێنەی باکوری سوریا لەوکاتەوە هەتا ساڵی 1939. دوای ئەو ڕێکەوتنە هەتا ساڵی نەوەدەکان پەیوەندیەکانی تورکیا و سوریا قۆناغێکی لە ناجێگیری و ناکۆکی بەخۆوە بینی کە کێشەکانی سنور، ئاو، کورد، ئایندەی عێراق، پەیوەندیەکان لەگەڵ ئەمریکادا،ئیسرائیل و سیاسەتی ناوچەیی دەگرتەوە. لەدەیەی هەشتاکاندا، هۆکاری سەرەکی بۆ ناکۆکیەکانی نێوان تورکیا و سوریا بریتیبوون لە پشتیوانی بەردەوامی سوریا بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) کە دژی ڕژێمی تورکیا لە ململانێدا بوو لەساڵی 1984وە. بەشێوەیەک کە سەرۆکی پەکەکە عبداللە ئۆجەلان لە پایتەختی سوریا- دیمەشق- نیشتەجێبوو، ڕێگەی پێدرابوو کە سەربازگەی مەشق بۆ گەریلای پارتەکەی لەخاکی سوریادا دابمەزرێنێت. لەسەرەتای ساڵی 1996 و لەسەردەمی سەرۆکی تورکیا سلێمان دیمێرێل و سەرۆک وەزیران مەسعود یەڵمازدا.تورکیا ئاگادارینامەیەکی نارد بۆ ڕژێمی سوریا- سەردەمی حافز ئەسەد- و ئاگاداریان کردەوە، کە پێویستە هاوکاری ڕاستەوخۆی پەکەکە ڕابگرێت، بەپێچەوانەوە (تورکیا بەناچاری ئەوەی پێویست بێت دەیگرێتە بەر بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی. (لەمانگی ئۆکتۆبەری ساڵی 1998دا، کێرڤی ناکۆکیەکانی سوریا- تورکیا بەرزبۆوە و توندتر بوو، بەشێوەیەک تورکیا هێزەکانی لەسەر سنوری سوریا کۆکردەوە (10 هەزار سەرباز) و هەڕەشەی بەزاندنی سنوری دەکات بۆ ناو خاکی سوریا، ئەگەر سوریا هەر بەردەوام بێت لەسەر پاڵپشتی پەکەکە و دابینکردنی پەناگەی سەلامەت بۆ سەرکردەی

کۆمکاری عەرەبی و میسر و ئێران کەوتنە نێوانیان بۆ ڕاگرتنی ئەو دۆخە ئاڵۆزە،و گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسی کە ببێتە هۆی چارەسەری کێشەکەی نێوانیان،و لە ئەنجامی ئەو میانگیریە ناوچەییەدا، ڕێکەوتنی (ئەدەنە) واژۆکرا کە بە ڕێکەوتنێکی ئاسایشی ناودەبرێت، کە لەشاری ئەدەنە لەنێوان هەردوو وڵاتدا لە ڕێکەوتی 1998/10/20دا واژۆکرا.

دەقی ڕێکەوەتننامەکە....ڕێکەوتنەکە لەم بەندانە پێکهاتوە:

1- لە ئێستاوە (مەبەست لەکاتی واژۆکردنی ڕێکەوتنەکەیە)، عەبدوڵا ئۆجەلان نابێت لە سوریا بمێنێتەوە و بەدڵنیاییش ڕێگەی پێنادرێت بچێتە سوریاوە.

2- ڕێگە نادرێت بە ئەندامانی پەکەکە لەدەرەوە بچنە ناو خاکی سوریاوە.

3- لە ئێستاوە ( مەبەست لەکاتی واژۆکردنی ڕێکەوتنەکەیە)، سەربازگەکانی پەکەکە لەسەر خاکی سوریا کارناکات و بەدڵنیایی ڕێگەیان پێنادرێت کە چالاکی بنوێنن.
-4زۆرێک لەلایەنگرانی پەکەکە گیران و ڕەوانەی دادگا کران، و لیستی ناوەکانیان ئامادەکرا، لایەنی سوریا ئەو لیستانەی ڕادەستی تورکیا دەکات، لایەنی سوریا جەختی لەو خاڵانە کردەوە. سەرەڕای ئەو خاڵانەش، هەردوولا ڕێکەوتن لەسەر:

1- سوریا، لەسەر بنەمای مامەڵەکردنی هاوشێوە، جەختی کردەوە،لەسەر ئەوەی ڕێگە بەهیچ چالاکیەک نادات کە لەخاکەکەیەوە ئەنجامبدرێت بە ئامانجی زیان گەیاندن بە ئاسایش و جێگیری تورکیا، هەروەها ڕێگەنادات بەهاوردەکردنی چەک و پاڵپشتی لۆجستی و دارایی و بانگەشەکردن بۆ چالاکیەکانی پەکەکە لەسەر خاکەکەی.

2- سوریا،پەکەکەی خستە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستیەکانەوە، بەهەمان شێوە چالاکی پارتەکە و ڕێکخراوەکانیشی قەدەغەکرد لەسەر خاکەکەی، هاوشان لەگەڵ ڕێکخراوە تیرۆریستیەکانی تردا.

3- سوریا،ڕێگە نادات بە پەکەکە بەدامەزراندنی چادرگە و دامەزراوەی تر بەمەبەستی مەشق و ڕاهێنان و مانەوە یان نواندنی چالاکی بازرگانی لەسەر خاکەکەی.

4- سوریا،ڕێگە نادات بە لایەنگرانی پەکەکە بە پەڕینەوە بۆ وڵاتی سێهەم لەخاکی سوریاوە.
5- سوریا، ڕێوشوێنی پێویست دەگرێتە بەر بۆ قەدەغەکردنی سەرکردەکانی پەکەکە بۆ هاتنە ناو خاکی سوریا،و ئاگاداری هەموو خاڵە سنوریەکانی دەکاتەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕێوشوێنانە.
هەردوولا ڕێکەوتن لەسەر دانانی میکانیزمی دیاریکراو بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕێوشوێنانەی کە دیاریکراون بە شێوەیەکی کارا و ئاشکرا و ڕوون.بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

1- بە پەلە هێڵێکی گەرمی پەیوەندی تەلەفۆنی ڕاستەوخۆ دادەمەزرێنرێت لە نێوان دەسەڵاتە باڵاکانی ئاسایشی هەردوو وڵاتدا.

2- هەردوولا دوو نوێنەری ئاسایش لە نێردە دیپلۆماتیەکانیان لە ئەنکەرە و دیمەشق دادەمەزرێنن، و لەلایەن سەرۆکی نێردەی دیپلۆماتیەوە پێشکەش یان دەناسرێن بەدەسەڵاتی هەردوو وڵات دەکرێن.

3.- لەمیانەی پرۆسەی بەرەنگاری تیرۆردا،لایەنی تورکی پێشنیازی داوەتە لایەنی سوری کە لەڕێگەیەوە دەتوانرێت چاودێرییەکی باشی ئاسایش بکرێت بەشێوەیەکی کاریگەر تر.و لایەنی سوریاش بەڵێنیدا کە پێشنیازەکەی دەداتە لایەنی پەیوەندیدار بۆ پەسەندکردنی و لە کورترین ماوەدا وەڵامیان دەداتەوە.

4- هەردوولا-تورکیا و سوریا- ڕێکەوتن، ئەمەش وەستاوەتە سەر ڕەزامەندی لایەنی لوبنانی، دەربارەی کێشەی نەهێشتنی پەکەکەی تیرۆریست لەڕێگەی هەرسێ وڵاتەوە، چونکە هێشتا سوپای سوریا لە لوبناندا ماوەتەوە، چونکە پەکەکە سەربازگەکانی لەدەشتی بیقاعی لوبناندا لەژێر دەسەڵاتی سوپای سوریادا دامەزراندبوو.

بڕوانە ل 7

# پاشماوەی بەڵگەنامەیەکی مێژوویی مەترسیدار دژی مەسەلەی کورد لە سوریا و تورکیا و عێراقدا.. نووسینی: نەوزادی موهەندیس

5- لایەنی سوریا خۆی پابەند دەکات بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەو خاڵانەی باسکران لە (کۆنوسی کۆبونەوەکەدا) و وەدەستهێنانی ئەنجامی ویستراو.

پاشکۆکانی ڕێکەوتننامەکە:
پاشکۆی ژمارە (1):
هەموو ئەو بەندانەی لە ڕێکەوتنە واژۆکراوەکەدا هاتوە لە نێوان هەردوو وڵاتدا بریتیە لە پاشکۆی ژمارە (1) و پێویستە جێبەجێبکرێت.
پاشکۆی ژمارە (2):
تورکیا داوا دەکات، لە سوریا کە داواکاری پاشکۆی ژمارە (2) جێبەجێبکات کە بریتیە لە:
1- سوریا بەفەرمی ڕازیبێت بە پابەندبونەکانی و دەستهەڵگرتن لە هەڵوێستەکانی ڕابووردووی پەیوەندیدار بە هاوکاری پەکەکە و پێویستە ئەم پابەندبونانە بەڵێننامەیەکی فەرمی لە خۆبگرێت بە یارمەتینەدانی تیرۆریستان، یان پێدانی مۆڵەت و هاوکاری و دارایی، پێویستە سوریا دادگای هەموو تاوانبارانی پەکەکە بکات و ڕادەستی تورکیایان بکاتەوە، لەناویشیاندا سەرۆکی پارتەکە عبدوللا ئۆجەلان و یاریدەدەرەکانی.
2- لەوچوارچێوەیەدا پێویستە سوریا:
- ڕێگە بە چادرگەکانی مەشقی تیرۆریستان نەدات کە کاربکەن لەسەر خاکەکەی.
- یارمەتی پەکەکە نەدات بە چەک و کەرەسەی لۆجستی.
- پێناسی ساختە نەداتە لایەنگرانی پەکەکە.
- ڕێگە بگرێت لە چونە ناوەوەی تیرۆریستان بۆ ناوخاکی تورکیا بەشێوەیەکی ڕەسمی.
- مۆڵەت نەدات بە کاری بانگەشەی ڕاگەیاندن بۆ ڕێکخراوی تیرۆریستی پەکەکە.
- ڕێگە نەدات بە ئەندامانی پەکەکە بەدامەزراندن وکارپێکردنی بارەگا لەسەر خاکەکەی.
- ڕێگە خۆشنەکات و کارئاسانی نەکات، بۆ گواستنەوەی تیرۆریستان لە وڵاتی سێهەمەوە ( ئەوروپا و یۆنان و قوبرسی باشوور و ئێران و لیبیا و ئەرمینیا) بۆ باکوری عێراق و تورکیا.
3- هاوکاریکردن لەسەرجەم ئەو چالاکیانەدا کە مەبەست لێی نەهێشتنی تیرۆرە.
4- دەستهەڵگرتن لە هاندانی وڵاتانی تر لە کۆمکاری عەرەبیدا دژی تورکیا.
5- لەبەر ڕۆشنایی ئەو خاڵانەی سەرەوەدا، ئەگەر سوریا ئەو کارانە بەخێرایی ڕانەگرێت، لەگەڵ هەموو پاشکۆکانیشدا، ئەوا تورکیا مافی خۆی لەبەرگریکردن لەخۆی پیادە دەکات، لەسایەی هەموو دۆخێکدا بۆ داواکردنی بەقەرەبوو کردنەوەی دادپەروەرانە لە پای ئەو زیانە گیانی و موڵک و ماڵانەدا کە بەریدەکەوێت.
پاشکۆی ژمارە (3):

لەئێستاوە (کاتی واژۆکردنی ڕێکەوتنەکە)، هەردوولا وادادەنێن کە کێشە سنوریەکانیان کۆتاییان پێهاتوە، و هیچ لایەکیان مافی داواکردنی یان مافی شایستەی لە زەوی بەرامبەردا نیە. ( لێرەدا مەبەست لە لیوای ئەسکەندەرونەیە- کە تورکیا خستویەتیە سەر خاکی خۆی لە دەیەی سیەکانی سەدەی بیستەوە).

پاشکۆی ژمارە (4):

سوریا تێدەگات هەرکات سەرکەوتوو نەبوو لە جێبەجێکردنی ئەرک و ڕێوشوێنە ئاسایشیەکاندا، کە لەم ڕێکەوتنەدا هاتوە، ئەوا ئەو مافە دەدات بە تورکیا کە هەموو ڕێوشوێنێکی ئاسایشی پێویست بگرێتە بەر لەناو خاکی سوریادا هەتا قوڵایی ( 5) کم.

تێبینیەکان لەسەر ئەم ڕێکەوتنە:
1- ئەم ڕێکەوتنە بەتەواوی بەند و پاشکۆکانیەوە بە قازانج و سوودی تورکیا تەواو دەبێت نەک سوریا.
2- زاڵبوونی لایەنی تورکیا بە ڕۆشنی دیارە لە سەپاندنی مەرج و داواکاریەکانیدا.
3- تورکیا بۆی هەیە داوای قەرەبووی مادی بکات بەرامبەر زیانە گیانی و موڵک و ماڵیەکان کەبەری دەکەوێت.

4. تورکیا بۆی هەیە هێز بەکاربهێنێت و سنور ببەزێنێت بەقوڵایی (5کم) بۆ ناو خاکی سوریا بەناوی ڕاوەدوونانی تیرۆریستانەوە (پەکەکە). کەلەئێستاشدا بۆ دژایەتی پەیەدە و یەپەگە ئەم ڕێکەوتننامەیە دەکاتە بەڵگە بەدەستیەوە بۆ چوونە ناو خاکی سوریاوە.

6- تورکیا لەو قۆناغەدا هەریەکە لە وڵاتانی ( ئەوروپا و یۆنان و قوبروسی باشوور و ئێران و ئەرمینیای) بەدۆستی پەکەکە زانیوە و بە ناحەزی خۆی.چونکە زانیویەتی کە هاوکاری پەکەکە دەکەن.

7- سوریا تەنها لە پاشکۆی ژمارە (3)دا، دڵی خۆشە بەوەی کە هیچ لایەک چیدی داوای خاکی ئەویتر ناکات و کێشە سنوریەکانیان کۆتایی پێهاتوە. بەڵام تورکیا تائێستاش لیوای ئەسکەندەرونەی نەگەڕاندۆتەوە بۆ سوریا. کە هەمیشە بەبەشێک لەخاکی سوریای داناوە.

8- سوریا بە ئاسانی کەوتە ژێر هەڕەشە و مەترسی پەلاماردانی تورکیا و هەربۆیە زوو بەزوو بە مەرجەکانی تورکیا ڕازی بوو بۆ گفتوگۆکردن و واژۆکردنی ئەم ڕێکەوتنامەیە و دوای 14 ساڵ لە هاوپەیمانی و پشتگیرکردنی پەکەکە و ئۆجەلان یەکسەر هەموانی لەسەر سینیەکی زێڕین پێشکەش بەتورکیا کرد و کردینیە قوربانی سوریا و دەسەڵاتەکەی.

9- ئەم ڕێکەوتنە ئەوە دەردەخات کە هەمیشە تورکیا دوژمنی سەرسەختی مەسەلەی کورد بوە لەساڵی 1923وە تاکو ئێستاش کە دژایەتی توندی مەسەلەی کورد دەکات لە باکور و ڕۆژئاوا و باشوور و ڕۆژهەڵاتیش. بەهەمان شێوەش دەسەڵاتدارەکان لە سوریا و عێراق و ئێرانیش هەمئاهەنگ و هاوکاری یەکتر و تورکیاش دەکەن لەو مەسەلەیەدا و دژی هەر هەوڵ و دەسەڵاتێکی کوردن لەهەر پارچەیەکی کوردستانی گەورەدا.

10- کەواتە ڕاوەدوونان و دەرکردن و وەدەرنانی ئۆجەلان لەسوریا بە فیتی تورکیا و بەڕەزامەندی سوریا و ئەسەدی باوک بوە و هەر دوای 1 ساڵ لەو ڕێکەوتنە شوومە و لە ڕێکەوتی 1999/2/14دا ئۆجەلان لە ئۆپەراسیۆنێکی دەزگا جاسوسیەکانی سوریا و تورکیا و یۆنان و ڕوسیا و ئەمریکا و ئیسرائیل و ئەوانی تریشدا لە کینیا دەستگیرکراو و تائێستا کە 20 ساڵی ڕێکە لە زیندانی ئیمیراڵیدایە. کەواتە کوردە دۆست و دوژمنی خۆت بناسە و بروا بە هیچ وڵات و دەسەڵاتدارێکی ناوچەکە و تەنانەت دونیاش مەکە و هەموانیان لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا کورد دەکەنە قوربانی و لە تەنگانەکاندا بێ پشت و پەنا بەجێی دەهێڵن، نە ئەسەدی باوک و نە ئەسەدەی کوڕیش لە ئێستادا و لەو پەڕی لاوازیدا دۆستی کورد نەبوون و ناشبن و ئەوەی کە کردوشیانە لە یارمەتی هێز و حیزب و سەرکردە کوردەکانی باشووردا تەنها بۆ دژایەتی ڕژێمی بەعسی عێراقی بوە و بۆ لاوازکردن و ڕووخاندنی ئەو بوە نەک لەبەر دۆستایەتی و خۆشەویستی کورد لە باشوور. بۆیە هەق وایە چۆن دوژمنانی کورد یەک و یەکگرتوون بۆ دژایەتی کورد و مەسەلە ڕەواکەی پێویستە کوردیش لەناوخۆی خۆیدا ئاوها یەک و یەکگرتوو بێت دژی ئەوان و بەرژەوەندیەکانیان و پەند وەربگرێت لە مێژووی ڕەش و تاوانکاری 100ساڵەی ئەوان دژ بەکورد و کوردستان.

سەرچاوە: https://ar.wikipedia.org/wiki



## ئەنجومەنی باڵای میدیا: ڕێکخستن یا کۆت و بەندکردن؟ ئاسۆس هەردی

ماوەیەکە جارێکی تر بابەتی (بەناو!) "ڕێکخستنەوەی میدیای کوردستان"و "کۆتایی هێنان بە فەوزای میدیای کوردیی" سەریهەڵداوەتەوە. گوایە گەیشتن بەم ئامانجەش لە ڕێگەی دامەزراندنی (ئەنجومەنی باڵای میدیا)وە دەبێت کە جگە لەوەی پرۆژە یاسایەکی بۆ پێشنیارکراوە، کۆڕو کۆنفرانسیشی بۆ دەگیرێ و پروپاگەندەیەکی بەرفراوانی بۆ دەکرێ. دوور نیە هەندێک لەوانەی پشتیوانی لەم بۆچوونە دەکەن، دڵسۆزی میدیای کوردی و ئازادیی بیروڕادەربڕین بن و بەهیوا بن لەم ڕێگەیەوە خزمەتێکی بکەن، بەڵام گومانیشم لەوە نیە هەندێک لایەن و خەڵکێکی زۆریش لەگەڵیان، مەبەستیانە کۆت و بەندکردن و بەرتەسک کردنەوەی ئازادیی ڕادەربڕین بکەنە یاساو "شەرعییەت!"ی پێبدەن. پێش ئەوەی قسە لەسەر پرۆژە پێشنیارکراوەکە بکەین، با لە خۆمان بپرسین: ئایا لەسایەی ئەم سیستمە سیاسییەی هەرێمدا ئەنجومەنێکی باڵا، کە وەک لە پرۆژە یاساکەدا پێشنیارکراوە، لەلایەن پەرلەمانەوە دادەمەزرێت و دەسەڵاتی پێدەدرێت، دەتوانێ زامنی ئازادیی ڕۆژنامەگەری بێت لە کوردستاندا؟ پێم وایە گەڕانەوەیەکی خێرا بۆ ئەزموونی چەند ساڵی رابردوومان لەگەڵ دەستەو ئەنجومەنەکاندا، بە "نەخێر" وەڵامی ئەو پرسیارەمان دەداتەوە. لە هەموو دنیادا دەسەڵاتی (دامەزراندن) و (متمانەدان) بە دەستەو ئەنجومەنە باڵاکان دەدرێت بە پەرلەمان بۆ ئەوەی لەژێر هەیمەنەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەرباز بکرێن و سەربەخۆییان هەبێت لە بڕیارداندا. بەڵام لە کوردستاندا خودی پەرلەمان لەژێر هەیمەنەی حیزبە دەسەڵاتدارەکان و دەسەڵاتی جێبەجێکرندایە، بۆیە گومان لەوەدا نیە هەر دەستەو ئەنجومەنێک لە پەرلەمانەوە دروست بکرێت، بەهەمان سیستمی بەش بەشێنە لەنێوان حیزبە دەسەڵاتدارەکاندا بەشدەکرێت، دەبێتە پاشکۆی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و هیچ هیوایەک بە سەربەخۆیی بڕیارەکانی نیە. ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەیش بێت لە پرۆژە یاساکەدا دەسەڵاتی (ڕاگرتن) و تەنانەت (وەرگرتنەوەی مۆڵەت!) دراوە بە ئەنجومەنی باڵای میدیا. ئەمە لەکاتێکدایە کە لە یاسای ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەوانیدا سزا بەسەر دەزگا ڕۆژنامەوانییەکاندا ناسەپێنرێت، بەڵکو بەسەر کەسەکاندا. پاشان ئەو بەڕێزانە مەبەستیان چیە لە "ڕێکخستنەوەی ئەو فەوزایەی لە میدیای کوردیدا هەیە"؟! کێ ئەو فەوزایەی دروست کردووە؟ هەموومان دەزانین پتر لە (٩٠٪)ی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە کوردستاندا (نووسراو، بینراو، بیستراو، ئەلکترۆنی)، یا ڕاستەوخۆ سەر بە بەرپرس و حیزبە دەسەڵادارەکانن، یاخود لە "سێبەر"ی ئەواندا و بە پارەو بەپێی سیاسەتی ئەوان کار دەکەن. جگە لە ڕۆژنامەو کەناڵە گەورەو دیارەکان، ڕۆژانە ماڵپەڕی "بێ دایک و باوک"ی نوێ و، لاپەڕەی سۆشیال میدیای نەناسراو کە بە ئاشکرا دیارە سەر بە کام حیزب و کام لایەنی سیاسین، لە ڕێگەی ریکلامی زۆروزەوەندی سۆشیال میدیاوە خۆیان نمایش دەکەن. کارو کاسبیی ئەمانە بریتییە لە: هێرش کردنە سەر نەیارەکان بەزمانێکی زۆر ناشرین، هەڵبەستنی هەواڵ، چەواشکردنی رایگشتی. تەنانەت هەندێک زانیاری باس لەوە دەکەن، حیزب هەیە لەشکرێک جنێوفرۆشی دامەزراندووە کە مانگانە مووچەیان دەداتێ، تەنها ئەرکیان ئەوەیە هێرش بکەنە سەر نەیارەکان و دەنگە ئازادەکان بە زمانێک کە مرۆڤ بێزی لێدەکاتەوە. هەر ئەوانەش سەرچاوەی سەرەکیی ئەو پاشاگەردانییەن کە ئەو بەڕێزانە باسی دەکەن.بۆیە ئەگەر بەڕاستی ئامانجی ئەو بەڕێزانە ئەوەیە کۆتایی بەم پاشاگەردانییەی میدیاو سۆشیال میدیای کوردستان بێنن، با بڕۆن گوشار بخەنە سەر حیزبەکانی خۆیان و پێیان بڵێن بەرۆکی میدیا بەردەن و ئەم کارە بۆ ڕۆژنامەنووسەکان جێبێڵن. کە ئەمەیان پێ ناکرێت، ئەوەی دەمێنێتەوە، جگە لە بەرتەسک کردنەوەی ئەو پەراوێزە بچووکەی ئازادیی بیروڕادەربڕین کە ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر لەژێر هەڕەشەدایە، بە هیچ ئەنجامێک ناگات. ئەگەر مەبەستیشیانە فەرمانگەو دامەزراوەیەکی نوێ دامەزرێنن بۆ بەخشینی پۆست و پلەو پایەو مووچەی بەرز بە چەند کەسێک، ئەوا ڕێگەی تر گەلێک زۆرن، تکایە با بە ناوی میدیاو ئازادی ڕۆژنامەگەرییەوە نەیکەن.

## ئەردۆگان گەڕایەوە هەمان ڕێچکەی ئەتاتور

## نووسینی: مەسعودعەبدولخالق




ئەتاتورک بە گوتاری ئاینی هاتە مەیدان ،بەو هۆیە کورد بوە پالپشتی ، یەکەم هەنگاوی بۆ دروست بوونی دەولەتی تورکیای نوێ دوو کۆنفرانسی تەئسیسی لە کوردستان بەست ، یەکەمیان لە ئەرزەرۆم لە 1919/7/23 و دووەمیان لە 4 ـ 1919/9/11 لە سیواس. ئینجا کوردەکانی ئەوروپا یارمەتیان کۆکردۆتەوەو بۆ ئەتاتورک، مانگانە یارمەتی60.000$ یان بۆ دەنارد. زانایانی ئاینی کوردستان بەسەرۆکایەتی (شیخ سعید نورسی )لەگەل 76 موفتی و 25 زاناو 11 نایب فتوایان دا بۆ پالپشتی ئەتاتورک ،ئەوانەی ئەنقەرەیان ئازاد کرد زیاتر کورد بوون ..ئیحسان نوری پاشاش لە ئەستەمبۆل زۆرترین رۆلی خۆی بینی...لەگەل زۆری تر کەچی ئەتاتورک هەلسا تەنازولی بۆ روسیاو بریتانیاو عیراق و هەمولایەک کرد تەنها دژی کورد .لە ١٩٢١/٣/١٣ لەگەڵ ئیتاڵیا ڕێککەوتن، لە ١٩٢١/٣/١٦ قرمی دا بە روسیا، لەگەڵ فەڕەنسا لە ١٩٢١/١٠/٢٠ ڕێککەوتن و کلیلکاشی دا بە فەڕەنسا، لە ١٩٢٠/٥/٣٠ لە هەمان کاتدا بە مادەی (٢٢)ی (عوسبەتول ئومەم) و مەرجەکانی ئینتدابی لەسەر میراتەکانی قایل بوو، ... لە ١٩٢٤/٣/٣ ئەتاتورک بەفەرمی دەوڵەتی (عوسمانی) هەڵوەشاندەوە , ئینجا لەناوەخۆش (حزبی گەل) بەسەرۆکایتی ئەتاتورک لە 29ی ئۆکتۆبەری 1923 هەمو حزبەکانی تری قەدەغە کرد تەنها حزب مایەوە ئیستاش ئەردۆگان هەمان ڕێچکەی گرتوە ، بۆ ئەمریکاو روسیا وئیران وئیسرائیل هەمولایەک تەنازول دەکا ،تەنها دژی کورد ، دەلیت یەکپارچەی خاکی سوریا وعیراق وەک یەکپارچەی خاکی تورکیایە ، بۆیە سوپای هیناوەتە هەر 3 پارچەی کوردستان ، زۆر پیخۆشحال بوو منبج لەدەست کورد دەرچوو بۆ سوریا ،ئاواش پیخۆشحال بوو کەرکوک گەڕایەوە بۆ بغداد، نەخشەیەکی کوردستان لە وانەی پۆلی شەش لە کۆسۆڤا دەخویندرا پێی لادان ، بەکوردستانی گوگلیش رازی نەبوو .. (فَبِأَيِّ حَدِيثٍ بَعْدَهُ يُؤْمِنُونَ) : دوای ئەوەی ئەتاتورک دژی کوردو دژی ئایین وەستا شیخ سعیدی نەورەسی هەر لەدژی ئەتاتورک بووە.

# ڕووسیا .. تورکیا ئەکەین بەچوار پارچەوە ..

نوێ ترین هەواڵ ..



شەڕی نێوان ئێمەو تورکیا چەند سەعاتێک زیاتر ناخایەنێت... ئەو ترکانەی کەدوای جەنگەکە ئەمێنن ئەگێڕینەوە بۆ خاکی باب و باپیرانیان لەمەنگۆلیا ..و ئەبێت لەوێ هەوڵی ئەوە بدەن سولتانێک دەست نیشان بکەن.. کوردەکان لەتورکیا کیانێکیان بۆ دروست دەکەین و خاکە زەوتکراوەکەیان بۆ دەگێڕینەوە.... تورکیا وایزانی فرۆکە جەنگیەکەش مقەڕەکانی پ ک ک یە لەقەندیل.. ئەم هەواڵە لەعربی و ڕووسیاوە کوردۆ سوید وەریگێڕاوە.. ووتەکانی پوتین و چەکە ترسناکەکانی ڕووس ئەردۆگانیان خستە پارانەوە.. ڕووسیا ووتەکانی و پارانەوەکەی قبوڵ نیە و بەهەموو جۆرە چەکێک لەدەریاچای قەزوینەوە بەسارۆخی هەمەجۆر و لەاسمانەوە بەفرۆکە لەو چەکدارو میلیشیایەنە دەدات کەسەر بەتورکیان و ترس و لەرز لەسەر دابەش بوونی ترکیاش هاتۆتە ناو باسانەوە... شەڕی پیادە و سەربازی لەگەڵ تورک ناکەین بەڵکو بەبۆمبی لۆجستی و ئەتۆمی تورکیا وێران ئەکەین و شەڕەکەمان لەچەند سەعاتێک زیاتر ناخایەنێت.. خەبیری سەربازی سۆڤیەتی کۆن و ڕووسیای ئێستا الیکسندر بریماکۆڤ.. سەبارەت بەلێدوانەکانی تورکیا و اردۆگان ڕایگیاند کە گەر فرۆکەی تورکیا بەسەر خاکی سوریادا بفڕێت بەدڵنیایەوە ئەیانخەینە خوارەوە و گەر شەڕیش هەڵبگیرسێت ئەوە ئەو شەڕە لەبەرژەوەندی ڕووسیا نابێت گەر لەچەند سەعات و ڕۆژێک زیاتر بخایەنێت بۆیە پێویستە لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگ ئەبێت ڕووسیا بەلێدانێکی خێرا لەماوەیەکی کەمدا بەهەستاندنی هەزاران ڤرۆکە و بەکارهێنانی سارۆخی لۆجستی هەموو ڤرۆکەخانە و سەربازگەکانی تورکیا وێران بکەن .. لەو حاڵەتەشدا دڵنیاین کەحلفی ناتۆ بێدەنگ نابن بەس کاردانەوەی سەربازیان نابێت و ئەو توانایەیان نیە بەرانگاری شەڕێکی ئەتۆمی ببنەوە لەگەڵ ڕووسیادا .. ئەمەریکا گەر بیەوێت هاریکاری سەربازی تورکیا بکات ئەوە بەبەکارهێنانی ئەتۆمی ئەبێت و لەوە دڵنیاین کە ئەمەریکا نەک سارۆخێکی ئەتۆمی لەبەر خاتری تورکیا دژ بەڕووسیا بەکار ناهێنێ بەڵکوو ئامادەی ئەوەش نیە سەربازێک فیشەکێکی دژی سەربازانی ڕووس بتەقێنێت.. لەهەمان کاتدا الیکسندر سەبارەت بەکوردو ئەرمەن و علویەکان لەتورکیا ڕایگەیاند .. کەئەوان وادەکەن کوردەکان دەست بگرنەوە بەسەر ناوچەکانیاندا و کیانێکی سەربەخۆ لەوێ دروست بکەن هەروەها ئەرمەنەکان خاکە زەوتکراوەکانیان بگەڕێننەوە و عەلویەکانیش بەهەمان شێوە ..

لە سایتی ڕووسیای ئیمرۆ و پراڤدا و تەلفزیۆنی روسیان تیڤی وەرگیراوە

# یادەوەرییە جوانەکانی قۆناغەکانی ڕزگاری نیشتمانیی



شۆڕش وەک یەکێک لە قۆناغەکانی ڕزگاری نیشتمانی نەتەوەی لەگەڵ سەختیدا، پڕە لە یادەوەری جوان، وەک لایەنی ئەدەبیاتی شۆڕش هەژمار دەکرێت، زۆر کات سەرکردەکان هەڵسوکەوتەکانیان تا دەگاتە قسەی خۆش دەبێتە پێوەرێک بۆ کەسایەتیان، مام جەلال ئەو سەرکردەیە بوو، پڕبوو لە گیانی هاوڕێیەتی و قسەی خۆش، کە دەکرێت ببێتە بەشێک لە بیرەوەری شۆڕش، ئەم بەسەرهاتە بەشێکی زیندووە لەو بیرەوەرییە. لەم یادە پڕ ئازارەدا، بیرەوەری یەکی من و ڕەحمەتی مام جەلال ئەگێڕمەوە ساڵی ١٩٨٩ بوو من و کۆمەڵێک لە هاوڕێ پێشمەرگەکانی سکرتاریەت لە تاران لە ماڵی مام بووین، خۆمان ئامادەکردبوو بۆ گەڕانەوە بۆ سەقزو پاشان بەرەو قاسمەڕەش' زوربەمان سەعات ٥ بەیانی هەڵسابووین، کاک ئاوات خەریکی شفتە دروست کردن بوو بۆ ڕێگا، مام بە ڕوویەکی خۆشەوە خۆی کرد بە مەتبەخەکەدا، گوتی ئەوە خەریکی چین..؟ کاک ئاوات گوتی شفتە دروست ئەکەین بۆ ڕێگا بەدەم قسەکردنەوە دانەیەکی خوارد دەستی برد بۆ دووەم گوتی ئەوە چیە ئا با بزانم سیرتان تێ کردووە، دووەمی خوارد کە مێک خۆی تووڕە کرد و گوتی بۆ سیرتان تێکردووە..؟ هێرۆ نایخوات هەر لە مەتبەخەکەدا هاتوو چۆی ئەکرد لەو ماوە کورتەدا خۆمان گەیاندە لای هێرۆخان گوتمان شتێکی وایە لە گەڵمان هاتە مەتبەخەکە و گوتی ئەوە چیە..مام..؟ شفتەیەکی تری هەڵگرت و گوتی کە شفتەکە سیریان تێ کردووە، هێرۆخانیش گوتی قەیچێکە کەمێکیشی تیا بێت من ئەیخۆم مام گوتی بەڕاست چوارەم شفتەی هەڵگرت و خواردی گوتی وەڵا خۆشتان دروست کردووە دەستان خۆش و خێرا ئامادەبن بۆ ڕۆیشتن،مام لە گەڵ پێشمەرگەکانی هەمیشە وەک هاوڕێ و کوڕی خۆی هەڵسوکەوتی ئەکرد بە درێژایی ئەو ڕێگا دورە نە ئەخەوت و هەر قسەی خۆشی بۆ ئەکردین، هێرۆخانیش هەمیشە هەوڵی ئەدا چارەسەری کێشەکان بکات ڕۆحت شاد مام جەلال، جێگەی داخە زۆرێک لە هاوڕێکانت ڕاستگۆ نەبوون لە گەڵت. درود بۆ ڕۆحی ئەو پیاوەی لە گوندێکەوە چوە کۆشکی سەلام و سەرۆکۆماری عێراق.

وێنەکە ٢٩-٦-١٩٨٩ لە قاسمەڕەش سەرکەوتی جیهاز

# ئازادهەورامی ......سەرکردەی رۆژە تەماوییەکان.. نووسینی:عەبدوڵڵا کەریم مەحمود



ئەو رۆژانەی میللی چەکەکان کۆمەڵ کۆمەڵ نەوی کران، سەراپا هیوای میللەتێک بەچەقۆی پیلان سەربڕا، لەناویاندا چەند چەکێکی ژەنگاوی حەشاردرا، مۆمی چەند هیوایەک لەسەر سنوورو تاراوگەو شارەکان داگیرسان. لەکەرکوکی ژێر شمشێری تەعریبدا، ئازادێکی هێمن، بەجەستە لاواز، بەبیروبۆچوونی فکری نوێ قول ،لەرۆژمێری تەمەنی خۆی گەورەتر بوو، پڕبوو لەبەها جوانەکانی وەفاو ئەمەکی خۆشەویستی ،مەشخەڵی گڕی بابەگوڕگوڕی گەیاندە قەندیل. لەڕۆژە رەشەکانی گومان داڕماندا.. تۆڕی چاووگوێی جاسووسەکان سەراپا ئەم نیشتمانەیان تەی دەکرد بەدوای نهێنی بریسکەو بریسکی تفەنگە ژەنگاوییەکاندا دەگەڕان.. ئەڵقە ئەڵقەی ئەم هەرێمە بەزنجیری نەخشەی کۆڵۆنیالییەکان کۆتکرابوون.. دەرگای سنوورەکان کڵۆم کرابوون.. ئا لەو زەمەنە دژوارانەدا پرۆسەی رەشەکوژی کورد ئاسایی بوو، لەناو کەرکوکی سەربڕاوی چەقۆی تەعریبدا، (ئازاد)ێک بوو بەشەپۆلی دەریایەکی بێ سنووری بیری نوێ. مۆتەکەی پیلان و ترس ودودڵیو دیلێتی دەڕەواندەوە.. قوتیلەی بێ هیوایی ماڵە جوتیارەکانی داگیرساند.. بوو بەهاوڕێی چیاو مناڵە لانەوازەکانی ئاوایی. هەر لەو ساڵانەی تەمی ترس و گوماندا.. کوشتن و بڕین سەرتاپا نیشتمانی تەنی بوو، چەندین سەرکردەو مەفرەزەی سەرەتایی (ی.ن.ک) هاوڕێی چیاو گردۆلکەو پێدەشتەکانی گەرمیان و قەرەداغ وشارەزوورو هەورامان وشارباژێر، دۆڵی جافایەتی ومەرگە وپشدەر، قەڵاسێوکە، خاڵخاڵان وشێخ بزێنی، دەشتی کۆیەو هەولێر، خۆشناوەتی، بالیسان، باڵەکایەتی، بادینان بوون. لەناویاندا مرۆڤێکی مەزن، هەم سەرکردە هەم پێشمەرگە، ئەوەندە سەنگین و هێمن بوو، بارتەقای ئاسمانێک بوو لەپاکی وخۆشەویستی خاک ومرۆڤ و ئەو کەسایەتییە تایبەتمەندە شەهید ئازاد هەورامی سەرکردەبوو. * لەڕۆژانی 31ی ئابی هەموو ساڵێکدا ئەو هونەرمەندە هەست ناسکە بەگیتارەکەیەوە لەدامێنی قەندیلدا سەرهەڵدەدات، پڕ بەگەرووی سروودی "رێی خەباتمان" دەچڕێ، دواتر بەئارامی رووەو لوتکەکان هەڵدەکشێ و لەقووڵایی پەڵە هەوەرەکاندا لەچاو ون دەبێ. لە1981وە تا دوا هەناسەی ئەندامی سەرکردایەتی بووە ئازاد عەبدولمەجید عەفار ناسراو بەئازاد هەورامی، لە 1954/12/31 لەکەرکوکی ژێر چەقۆی تەعریبدا لەدایک بووە، لە 1972 لەریزەکانی پارتی دیموکراتدا بووەو ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە، لەکۆتایی 1972دا پەیوەندی کردووە بەڕیزەکانی کۆمەڵەوە، لە1974دا رووی کردۆتە شاخ بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردووە، لە1975 گەڕاوەتەوە بۆ کەرکوک، لەکۆمیتەی رێکخستنی کەرکوکدا بەرۆحێ هەناسەیەکی نوێیەوە بەردەوام بوو لەسەر تێکۆشان.



دوای گرتنی شەهید خاڵە شەهابی سکرتێری کۆمەڵە، شەهید ئازاد وەک کادیرێکی پێشکەوتووی ریزی دووەمی ناو کۆمەڵە سەرپەرشتی کۆمیتەی شاری کەرکوکی کردووە، لەتەک شەهید ئارام و هاوڕێکانیدا سەرکردایەتی ناوخۆی کۆمەڵەیان کردووە، لە 1976دا رووی کردۆتە شاخ و سەرپەرشتی مەفرەزە سەرەتاییەکانی کردووە ، لە1978 یەکێک بوو لەو کادێرانەی لەکارەساتی هەکاریدا بەدیل گیراوە، ئەو کاتە وریای سەعاتچی لێپرسراوی زیندان بووە، لەبەر کەمی تەمەنی و باڵای کورتی نەیان ناسیوەتەوە،9 مانگی تەواو لەو زیندانەدا بووە، دواتر لەتەک کاک شێخ عە لی دا فرسەتیان هێناوەو دەربازبوون، کاک ئازاد تابەستنی یەکەم کۆنفرانسی کۆمەڵە لەمالیمۆس یەکێک بووە لەو (25)کادیرەی سەرکردایەتی کۆمەڵەیان کردووە، بەشداری هەموو کۆنفرانسەکانی کۆمەڵەی کردووە، لەهەموویاندا بەئەندامی ناوەندی کۆمەڵەو سەرکردایەتی (ی.ن.ک) هەڵبژێراوە، لە (1981–1982) لێپرسراوی لقی 3ی کەرکوک بووە، لە 1982–1984 ئەندامی دەزگای رێکخستن بووە، لە 1985–1986 لێپرسراوی دەزگای رۆشنبیری کۆمەڵەبووە، لە 1986دا کەتازە بەرەی کوردستانی پێکهاتبوو، یەکێک بوو لەو سەرکردانەی کەبەندەکانی بەرەی کوردستانی قبول دەکرد لەئەنجامدانی چالاکی سیاسیو پێشمەرگانەدا، یەکێتی زیاترو زووتر دەست پێشکەربوو بۆ گەڕانەوەی هێزەکانی پارتی بۆ ناوچەکانی یەکێتیو دواتر هێزەکانی یەکێتی روویان کردە ناوچەکانی بادینان، لەو سەردەمەدا یەکێتیی نیشتمانیی رووبەڕووی شەڕێکی بەرەیی فراوان و خوێناوی ببووەوە، (101) رۆژی خایاند، لەقۆڵی ماوەت، قەیوان، سەفرەو زەروون، دۆڵی جافایەتی، بەرامبەر بەکۆڵۆنیالیەکان، لە 1987–1988 لێپرساوی مەڵبەندی بادینان بوو، لەئەنفالەکان دا سەرپەرشتی شەڕگەی باڵەییان لەقەندیل کرد ئێوارەی 1988/8/30 بریندار دەبێ ، لە 1988/8/31 شەهید دەبێ. ئاڵای سوور کاک نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا هاوڕێی شەهید ئازاد لەبارەی یادگارە تایبەتییەکانییەوە دەڵێ: لە1971 بووین بەهاوڕێ، هەرچییەکمان چنگ بکەوتایە دەمانخوێندەوە.. رۆمان.. چیرۆک– شیعرەکانی مەحمود دەروێش– ئەوخولیای مۆسیقا بوو، پەنجەکانی تینووی گیتار ژەنین بوون.. منیش گوێگربووم. ساڵی 1972 بۆ کاک ئازاد ساڵی (مرابیووس) و (فەیروز) بوو، هەردووکمان( دایکی مەکسیم گۆرگیو پاژنە ئاسنینەکانی جاک لەندەن والثوره المغدوره)ی تروتسکیو بۆ جووتیارە هەژارەکانی لینین و چەند نووسنێکی (ماوتسی تۆنگ و حنامینه ومحمد الماغوط) مان خوێندەوە. بڕوانە ل 12

# ئازادهەورامی ......سەرکردەی ڕۆژە تەماوییەکان.. نووسینی:عەبدوڵڵا کەریم مەحمود



پاشماوەی لاپەڕەی ١١

ئەو ساڵە ئاشنابووین بەمارکیسزمی پەردەپۆش کراو، بەبیروباوەڕی ماوتسی تونگ، ساڵی گۆڕانکاری فکری بوو. ساڵی ڕق هەڵگرتن بوو لەدیکتاتۆریەتی ستالین، لەسوشیال ئیمپریالیزم و بەعس. ساڵی گەران بوو بەدوای خۆ دۆزینەوەدا لەریزەکانی پارتیو یەکێتیی قوتابیانی کوردستاندا، دواتر ئەوبوو بەئەندام ناوچەی قوتابیان لەکەرکوک، لەکۆتایی 1972 کاک ئازادو من دوو هاوڕێی تر کۆبووینەوە پێک نەهاتین، ئێوارەیەکیان کاک ئازاد بەچپەو شادمانییەوە گوتی (برادەرێک لەئەندامی ناوچە (راس المال)ی مارکسی هەیە، بەیانیەکەی پێکەوە دەچین بۆ ماڵیان، ئەویش (حەمە ئەمین کەریم/ شێرکۆ) بوو، بۆ ڕۆژی دوایی لەسەر پردی تەبەقچەلی (حەمە ئەمین)مان بینی، چوینە ماڵیان لەجیاتی ئەوەی (سەرمایە)مان بداتێ بۆ خوێندنەوە، گوتی (پێویستە هەرسێکمان پێکەوە خۆمان پەروەردە بکەین و خۆمان ڕێکبخەین، چەند کۆبوونەوەیەکمان کرد، لێپرساوی شانەکەمان بوو (ئەو من، شێرکۆ، زنجیرەیەک ئەڵقەی ڕۆشنبیریمان پێک هێنا)، لەمانگی شوباتی 1973 کۆمەڵەی (مارکسی– لینینی)م بەرگوێ کەوت، لە لایەن کاک ئازاد هەورامییەوە و تەواوی نەهێنیەکان بۆ درکاندم، ڕۆژی دواتر ڕوومان کردە ماڵێک، کاک ئازاد شارەزابوو، دیاربوو پێشووتر چەند جارێک چووبووە ئەوماڵە، پیاوێکی باڵا بەرز، باریک، ڕووخۆش کۆبوونەوەی پێ کردین، ئەو کەسایەتییە (ئیحسان نەجم ئەبو شەهاب) بوو، کاک ئازاد چەند مانگێ لەوەوبەر پەیوەندی کردبوو بە کۆمەڵەوە، لەو شوێنەو لەوکاتەوە بووم بەکۆمەڵە، هەموو سات و ڕۆژو مانگ و ساڵەکانی تەمەنمان کۆمەڵە بوو، لەو سەردەمەدا نووسینەوەی ئۆرگانی (ک.م.ل) (ئالای سوور) بەنرخترین بەچێژترین کاربوو لامان، دەیان نموونەمان لەبەر دەنووسییەوە، هەستمان بەگۆڕانکارییەکی گەورەکرد، کاک ئازاد لەگەل ئەمانەشدا بەردەوام بوو لەسەر سروود وتن بۆ نەداران و مەسەلەی ڕەوای گەلەکەی، هەمیشە سروودی (ڕێی خەباتمان)، (ئەنتەرناسیونال)، (لاوانی گێتی) دەگوتەوە، بەسروودی فەلەستینەوە بۆ ئەریتریا) زیاتر بەدنیای دەنگ و ئاواز و مۆسیقا شۆڕ دەبووەوە. دواتر ڕوومان کردە ئەدەبیاتە کلاسیکییەکانی مارکسیزم، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو ڕۆژێکیان لەتەک کاک ئەبو شەهابدا کۆبوونەوەیان دەکرد، مشت ومڕ لەسەربابەتێک دروست بوو، کاک ئەبو شەهاب لەکۆتایی قسەکانیدا وتی (ماوتسی تونگ هەموو شتێکی مارکیسزمی نەپێکاوە)، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو ڕۆژێکیان لەتەک کاک ئەبو شەهابدا کۆبوونەوەیان دەکرد، مشتومڕ لەسەربابەتێک دروست بوو، کاک ئەبو شەهاب لەکۆتایی قسەکانیدا گوتی: (ماوتسی تونگ هەموو شتێکی مارکیسزمی نەپێکاوە).

دوای کۆبوونەوەکە، کاک ئازاد گوتی نەجم دەبێ لەمەودوا هەموو ئەو سەرچاوانە بخوێنینەوە. سوێندی بەگۆڕی شەهید ئارام دەخوارد شیرینی خوشکی شەهید ئازاد هەورامی لەبیرەوەرییەکانیدا دەڵێ: بەیانیەکانیان کاک ئازاد لەخەو هەستا لەگەل دایکمدا دانیشت بوون چایان دەخواردەوە، سەعات چارەکی دەویست بۆ حەوت من بەخەبەرهاتم.. نازانم چییان دەگوت وەک ڕۆژانی تر گوێم لەدەنگی فەیروز بوو، ئەو بەجۆرێک دایکمی خوشدەویست تا دوا هەناسەی وێنەکەی لە ناوجانتاکەدا بوو. لەژیانی خێزانی پڕ لەمەینەتی ئێمەدا کاک ئازاد ورەو خەم ڕەوێنمان بوو، هەرچەندە بەتەمەن بچوک بوو، چوارەمین منداڵی ناومال بوو، قسەو ئامۆژگارییەکانی وەک خۆی مەزن بوون، بەجۆرێک گەورەو بچوکمان پێمان دەوت کاکە، پیرۆزترین سوێندنی کاک ئازاد (گۆڕی شەهید ئارام بوو). تەمەنی ژن و مێردایەتی کاک ئازادو هاوڕێ شنۆ پایزێکی کورت بوو هاوڕێ شنۆ خوشکی کاک سیامەند شاسواری بوو، خەڵکی شاری سەقز بوون، کاک سیامەندو هاوڕێ مەهدیەی هاوسەری وهاوڕێ شنۆ سێ کادیری بەتواناو خاوەن ئەزموونی بواری چاپەمەنی بوون، لەدەزگای ڕۆشنبیری کۆمەڵە لەناوەندی کۆمەڵە، هەرسێکیان هۆگری هەڵسوکەوت و کەسایەتی سەنگینی کاک ئازاد بوون، فاروق شاسواری براشیان لەگەل دابوو، کاک ئازاد لەناو هێزی پێشمەرگەدا گەورەترین خۆشەویستی بۆ خۆی دروست کردبوو، خاتوو شنۆش ڕەوشت بەرزو سەنگین و هێمن بوو، شارەزای بوارە فکریو سیاسییەکان بوو، کاک ئازاد و هاوڕێ شنۆ لەتەواوی ڕووەکانی ژیانوە گونجاو بوون، لەناخیشەوە یەکتریان خۆش دەویست، خۆشەویستی نێوانیان و تایبتمەندی ژیانی پێشمەرگایەتیان تێکەڵ بە خۆشەویستی پێشمەرگە و جوتیاری ئاواییەکان کردبوو، ڕۆژێکیان کاک ئازاد بەکاک کرمانج (قەرە)ی پێشمەرگەو هاوڕێی دەڵێ (ژن بهێنم یانا)، ئەویش وتبووی (ئێمە حەز دەکەین تۆ هاوسەری ژیانی خۆت هەڵبژێریت چ لەشار بێ یا لەشاخ) کاک ئازاد وتبووی (هاوڕێ شنۆم هەڵبژاردووە)، لە1986دا لەماڵی شەهید مام عومەری دارتاشء تێکۆشەری دێرین لەقەمچوغە، زەماوەندیان گێرا، ئەم ژنە بەوەفایە لەهەموو شوێنە سەختەکاندا لەگەڵ هاوسەرەکەی دابوو.

# سلێمانی .... پایتەختی ڕۆشنبیریی کورد.. بەشی دووەم و کۆتایی

پاشماوەی لاپەرە 3

لەسەرە بە هۆی بن خزمەتی و کاری چاکسازیی تیایاندا و بە هۆی بارانو کەشوهەواوە، دروستکرێنەوەوەک خۆیان لەلایەن وەستای پسپۆڕەوە تەنانەت یا پشت بەوەستاو شارەزایانی روژهەڵات یا باکووری کوردستان ببەستین هەروەک سەردەمانی پێشوو بە تایبەت وەستاکانی سنە.

13–مەرج دانرێت بۆ هەندێک تەلاری نوێ کە لەسەر بواری کەلەپووری دروستکرێت وەک سەردەمانی پێشوو بە پێی شوێنی جوغرافیایی نەک شووشەبەند کە بۆ تەباو خو بکا زەمین لەرزەیەک روونەدات و زەرەری گیانی بدات.

14– هاندانی خەڵکان بەپێدانی پێشینە بە بڕی زیاتر بۆ ئەو کەسانەی خانوو تەلارو چایخانەو چێشتخانەکانیان بەشێوازە کۆنەکەلەپووریەکەی سلێمانی بنیات دەنێنەوە.

15– گەڕانەوەی متمانە بۆ تاکەکان بە تایبەتی چینی لاوان و شارەزاکردنیان بە کەلەپوورو فۆلکلۆری نەتەوایەتیمان و رۆشنبیرکردنیان لەڕێی کۆڕو سیمینار چ لە هۆڵەکان یا لەدەزگاکانی راگەیاندن تا بیری نەتەوایەتی لەکن لاوان بەهێز کرێو پەیوەستبن بە خاکەوە.

16– بانگهێشتی ئەدیبانو هونەرمەندانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و ناوچەکەو ئەورووپاش بۆ سلێمانی بۆ گێڕانی کۆڕو سیمینارو ئاهەنگی هەمەچەشن.

17– گێڕانی کۆڕو کۆبوونەوەو سیمینارو کۆنفرانسو کۆنگرەی ئەدەبیو هونەریو وەرزشی بۆ کوردانی پارچەکانی تریش بۆ نموونە(زمانی ستاندارد).

18– بە چاپگەیاندنی رۆژنامەو و گۆڤاری ئەدەبیو هونەری لە بوارەجیاجیاکاند ئەگەرچی هەفتانەیا مانگانەیا وەرزیی بن لەگەڵ کردنەوەی رادویۆ تەلەفزیۆنی هونەری گەرچی لۆکاڵی یان ئاسمانی بن.

19– دانانی بووجەبۆ گشت کۆمەڵەو رێکخراوەرۆشنبیریو هونەریەکان و تیپ و یانەوەرزشیەکان بەپێی قەبارەو چالاکییان کەمانگانەپێیان بدرێت وەک پێشتر پێیاندەدرا بڕینی ئەو بووجەیەش لەلایەن حکومەتی هەرێمەوەسڕکردنو لاوازکردنی ئەو کۆمەڵەو رێکخراوانەیە.

20– بەچاپگەیاندنی بەرهەمەئەدەبیو هونەریەکانی نووسەرانو هونەرمەندانو خەڵاتکردنیشیان.

21– گێڕانەوەی سەرلەنوێ رێزلێنان بۆ نووسەرو هونەرمەندان ئەوانەی بەتواناو لێوەشاوەن و بڕینی ئەو رێزلێنانە بێڕێزیبوو بەرامبەریان ئەمەجگەلەخانەنشینکردنی ئەو نووسەرو هونەرمەندانەی کەلەکاری میریدا نین.

24 ئەو نووسەرو هونەرمەندانەی کەلەکاری میریدا نین.

22– ئەو نووسەرو هونەرمەندەکوردانەی پارچەکانی تری کوردستان کە لەبەر رژێمەکانیان ژیانیاز

لەمەترسیدایەمافی نشینگەیی هەرێمی کوردستانیان پێبدرێت ئەمەلە جیهانا باوە.

23– زۆر گرنگەکردنەوەی مەڵبەندی پیشەمیللییەکان بۆ هێشتنەوەی ئەو پیشانەبەزیندوویی و هەوڵی نەفەوتانی پیشەمیللییەکان کەهەندێک پیشەی میللی فەوتان بە کۆچی دوایی وەستاکانیان نموونەش پیشەی پانیبەرزو کەوش و مزگەری و خومخانەچێتیو خۆشەکردنی پێستەو جۆڵایوو... تاد. گەر مەڵبەندێکی پیشەیی میللی هەبێت ئەو پیشانەش زیندوو دەکرێنەوەو بە ناوخۆی هەرێمو دەرەوەیان دەناسرێن.

– کردنەوەی مۆزەخانەی پیشەمیللییەکان وەک لەدەوڵەتانی تردا هەن.

25– بەپایتەختبوونی رۆشنبیری سلێمانی تەنها بۆ سلێمانی نییەو گشت کوردانی پارچەکانی کوردستان لەم بەپایتەختبوونەسوودمەند دەبن.

26– لەبواری تریشدا پەیڕەوکردنی دەسەڵاتی خۆجێیەتی (لامركزي) لەدەسەڵاتەکاندا تا بۆ بچووکترین مامەڵەخەڵک روو لە هەولێری پایتەخت نەکات بۆ نموونە: پارێزەرانی خانەنشین لەهەرێمی کوردستان بۆ وەرگرتنی مووچەدەبێ روو لەهەولێر کەن ئەم رۆتینەبۆ؟

27– برەودانو بایەخدان بەبواری گەشتیاری لەشاری سلێمانی چونکەئەمشارەشارێکی گەشتیاریەبەهۆی سروشتی جوانی و دیمەنەقەشەنگەکانی، دیارەئەمشارەلەهەر چوارلاوەپڕەلەشوێنی گەشتیاریو هاوینەهەواری جوان، ئەم بایەخپێنەدانەوایکردووەبۆ نموونەلەساڵی 20012دا لە کۆی (211898 هەزار) گەشتیاری بیانیو ناوخۆیی کەروویان لەهەرێمی کوردستان کردووەتەنها (42 هەزار) گەشتیار سەردانی سلێمانیان کردووەچونکەبنەما گەشتیارییەکان لەئوتێل و کابینەو رێستۆرانتی گەشتیاری کەمن ئەمەجگەلە شەقامی قیر کەزۆربەیان قیرتاو نەکراون و رێگایان ناخۆشن.

28– جوانکردنو رازانەوەی شار بە باخ و باخچەی بچووکو پڕکردنەوەی بەتاڵایی شار بە باخ و دارستانو سەوزایی بۆ جوانی و ژینگەیەکی خاوێن.

29– جێبەجێکردنی پرۆژەستراتیژییەکانی سلیمانی کەبڕیاریان لەسەردراوەوەک: شەش کارگەی چیمەنتۆ، یەک کارگەی ئاسن، ناوچەی بازاڕی ئازاد، سایلۆکانی سلیمانی.

30– لەکۆی (15323) کۆمپانیا کەلەهەرێمدان تەنها (370) کۆمپانیا لەشاری سلێمانیدایە دەشێت دادپەروەرانەلەمبوارەدا مامەڵەبکرێت.

31– لە کۆی پەنجا کۆمپانیای نەوت هیچیان بنکەو بارەگایان لە سلێمانیدا نیەکەلەو پەنجا کۆمپانیایانەکاری بیستوچواریان لە دەڤەری سلێمانی و گەرمیاندان.

32– سلێمانی گەر برەوی پێنەدرێت تا بێت بچووکدەبێتەوەو دەپووکێتەوەوەک کەرکوکی پایتەختی ویلایەتی شارەزوور لەکۆندا، بەڵام رژێمەیەکلەدوای یەکەکان بایەخیان پێنەدا ئەوەتا لەسەر دەریایەک زێڕی ڕەشە. بەڵام لەسەرەو ەنیمچەکەلاوەیە.

ماوەتەوەبڵێین سلێمانی کە لە ساڵی 1784دا ئیبراهیم پاشای بابان بنیاتی نا هەر لێرەشەوەئەدەبیاتی کوردیو زمانی پاراو لەڕێی کەڵەرۆشنبیرەکانی ئەو سەردەمە: (نالی، سالم، کوردی) گەشەی سەندووەو بەهۆی هەڵکەوتەجیۆپۆلیتیکیەکەیەوەئەم شارەتاییتمەندی خۆی بووەو بۆتەجێ سەرنجی گەڕیدەو رۆژهەڵاتناسان، هۆکارەکەش کاریگەری رۆشنبیریو زانستخوازیی خەڵکەکەی بووە، ئەمشارەرووی رەشی قێزەونی داگیرکەرانی لا پەسەند نەبووەو هەمیشەلەبەرەنگارییاندا بووە.

# دیاری ساڵی نوێ.....دیاری ساڵی نوێ....دیاری ساڵی نوێ....دیاری ساڵی نوێ.....



شیعری: رەنج سەنگاوی










## بۆ ئەمساڵیش

پێش هەمو پایتەختەکانی ئەم دنیایە...
لە کووچەکانی ئێمەدا ئاگر باری
شارەکانمان پێش گشت شارێ
گۆڕیان بۆ شاری یاری
پێش ئەوەی بابا نوئێل بێت
ئێمە کرابووین بە دیاری

بۆ ئەم ساڵیش هیچ رووبارێ
نەیتوانی شان بات لە شانمان
دڵۆپەی هیچ بارانێکیش
نەگەشتەوە بە نمەی فرمێسکەکانمان

هیچ شەختەیەکی ئەم دنیا
نەتەزیبوو وەک منداڵەکانی ئێمە
هیچ گەلێکی ئەم دنیایە، ئەوەندەی ئێمەی بەرنەکەو
لە درۆکانی یوئێن و لە بەتانی تەنک و خێمە.

هیچ فۆتۆیەکی ئەم دنیا
ڤیوی نەبوو ...
ئەوەندەی پشتی سوتاوی محەمەد و
هیچ هاوارێکی ئەم دنیا بە کوڵ نەبوو....
ئەوەندەی گریانی سارا.
هیچ کیژێکی بەژن زراڤی ئەم دنیا
وەکو کچەکانی ئێمە
کفنیان بۆ نەکرا بەتارا.

هیچ باخێکی ئەم دنیایە
باخەوانی لێ نەکوژرا بێ لە باخی عەفرینی من
هیچ ئاسمانێ هەوری نەدرایە بەر گوللە
بێ لە (هەڤال هەڤرین)ی من.

بەڵام ئەمساڵ وەکو ساڵان
نە نۆبلی فرمێسک درا بە کچێکمان
نە تیشێرتێکی ئەمریکی
سیمای زارۆکێکی ئێمەی خرایە سەر
هەر خۆمان سەرماکەی خۆمان ئەکەینەبەر
هەر خۆمان بە دەستی خۆمان، تاجی ئەم بێکەسیەمان
ئەکەینە سەر.

رەنج سەنگاوی

یادنامە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی ناوبەناوە، یادەوەری و یاداشتی جەنگاوەر و کەسایەتییە کوردستانییەکان دەگێڕێتەوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

YADNAMA

سەرپەشتیار: سەرکەوت محەمەد فەتاح (جیهان)

E–mail : sarkawt_47@hotmail.com

سکرتێری نوسین: سەپان حەسەن

HOLLAND –Amsterdam
Mob& Viber& WhatsApp: +31615852703